# نامەیەکی کراوە بۆ سەرکردایەتی کورد و بۆ گەلی کوردستان...

سەدیق سالح عەزیز



بەڵگە و رووداوە یەک لە دوای یەکەکانی دنیاو ناوچەکەو عیراق ئەوە نیشان دەدەن کە گۆڕانی گەورە چاوەڕوانی رۆژهەلاتی ناوەراستە و قۆناغێکی بڕیاردەر و یەکلاکەرەوەش لە پێش گەلی کوردە ئەگەر بەم شێوەیە بڕوات چیدی بە قازانجی گەلی کوردستان نیە. ئەم قۆناغە جێگەی هەنگاوی خاوو خلیسک کۆڕو کۆبوونەوەی زۆرو زەبەندی سواوەو گفتوگۆی ماراسۆنی تێدا نابێتەوە مەگەر ئەو لایەنەی کە کێشەکانی گەلی کوردستانی بە تەمای قەدەرو بە تەمای هێزی دەرەکی بەجێ دێڵێ. دیارە ئەوکاتە دەبێتە رۆژ ئاواکردنێکی پاسیڤانە کە چ رۆشناییەکی زامن لە کۆتایی تونێلەکەدا نابینرێ.

لە 28 -09- 2007 دا هەردوو وەزیری ناوەخۆی عیراق و تورکیا رێککەوتنێکیان مۆر کردووە کە هیچ نوێنەرێکی هەرێمی کوردستان تیایا بەشداری نەکردوە لە کاتێکدا دەبوایە بە ئاگاداری حکومەتی هەرێم بوایە چونکە ئەم رێککەوتنە پەیوەندی راستەوخۆی هەیە لەگەل هەرێمی کوردستان. ئەم رێککەوتنە لە سەر حیسابی بەرژەوەندیە بالاکانی گەلی کوردە و پێشێل کردنی مافەکانی گەلی کوردە لە عیراق و لە تورکیادا. لەم رێککەوتنەدا پەکەکە بە رێکخراوێکی تیرۆریست ناوزەد کراوە و تیایا تورکیاو عیراق هاوکاری و هەم ئاهەنگی خۆیان نیشانداوە بۆ لێدان و دەرپەڕاندنی پەکەکە هەر یەکەو لە دیوی خۆی وەک قۆناغی یەکەم. لەوە دەچێ لە رێککەوتنی داهاتوویاندا هەرێمی کوردستانی باشوریش بە تیرۆریست ناوزەد بکەن کە هەر ئەوەیە مەبەستی سەرەکی دەولەتی تورکیا. ئەم جۆرە رێککەوتنانە لە مابەینی داگیرکەرانی کوردستان شتێکی نوێ نیە و دەبێ چاوەڕێی زۆرتریشیان لێ بکەین. بەلام ئەم رێککەوتنە نوێیە بەدناوە بەراستی رێککەوتنە شوومەکەی ئەلجەزائیری سالی 1975 مان بە بیر دێنێتەوە کە لە نێوانی سەددام و شای گۆڕبەگۆڕدا ئیمزا کراو خۆمان دەزانین چۆن کارەساتێکی لێکەوتەوە.

لەم دواییەدا ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا بە زۆرینەی 75 بەرامبەر بە 23 دەنگی لەسەر قەرارێکی نامولزەم دا بۆ دابەشکردنی عیراق بە سەر سێ هەرێمی فیدرالی جیاوازی کوردو سوننەو شیعە. ئەم هەلوێستە گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ گەلی کوردستان بۆیە پێویستە کورد پشتیوانی لێ بکا هەرچەندە هەلوێستی ئیدارەی ئەمریکی وا نیە بەلام دیارە ئەوان رەچاوی وولاتانی ئیقلیم و هێزە ناوخۆییەکانی عیراق دەکەن کە دژی دابەشکردنن. هەروەها دیمان کە مالکی چۆن دابەشکردنی عیراقی بۆ سێ هەرێمی فیدرالی بە کارەسات دانا! بە دوایدا نزیکەی هەموو هێزەکانی تری عیراق و جامیعەی عەرەبی و دەوروبەر نارەزاییان دەربری! بۆیە دەبێ کورد هەلوێستی جددی لە بەرامبەر ئەم باروو دۆخە نەخواستراوە وەربگرێ، چونکە ئەو فیدرالیەتەی گوایە لە دەستووری بەناو هەمیشەیی چەسپێنراوەو زۆرینەی دەنگیشی لەسەردراوە تەواو لە مەترسیدایەو هەمووی مەرەکەبی

سەرکاغەزەو هیچی تر. دەسەلاتی کوردی و گەلی کوردستان دەبێ ئەوە باش بزانن لە مێژووی رۆژهەلاتی ناوەراستدا هیچ رێککەوتن یا دەستوور یان یاسایەک جێگیر نیە و پەشیمان بوونەوە لە رێککەوتنەکان سوونەتی ژیانی هێزو لایەنەکانی ئەم ناوچەیەیە. ئەی کە وایە دەبێ کورد چاوەرێی چ گۆرانکاریەکی پۆزەتیف لەم بارودۆخە نالەبارە و لەم نەیارانە بکا کە دژایەتی گەلی کوردستان و مافە رەواکانی دەکەن!

دیارە کۆمەلکوژیەکەی ناوچەی ژەنگال و کارەساتەکانی ناو شاری کەرکووک و ناوچەکانی گەرمیان، وە ئەو تۆپبارانە هاو ئاهەنگەی تورکیاو ئێران بۆ سەر ناوچە سنووریەکان بە بیانووی چالاکی پەکەکە و پژاک، داخرانی سنووری کوردستان لە لایەن ئێرانەوە وە هەلگەرانەوەی زۆربەی ئەو لایەنانەی کە پێشی رووخان و دوای رووخان لە دەستوور دەنگیان بۆ دەستووری بەناو هەمیشەیی دابوو، کۆبوونەوەی بەردەوامی لایەنە نەیارەکانی کورد لە میسرو تورکیا، ئەو رێککەوتنە بەدناوەی بەم دواییەی عیراق و تورکیا کە رێککەوتنە شوومەکەی سەدامی گۆربەگۆرمان بیر دێنێتەوە، هەروەها هەلکردنی بای بوونی بەرەیەکی نوێ بە پالپشتی ئەمریکا لەگەل سوننەی عیراق و دەولەتە عەرەبیە سوننیەکان لە دژی ئێران و سوریا کە بەدوور نازانرێ جەنگێکی ناوچەیی لێ بکەوێتەوە، لەوانە هەمووی گرنگتر راپۆرتەکانی کرۆکەر- پاتریۆسە کە هیچ ئاماژەیەکی بە کورد نەکردبوو وەک سەنگاییەک لەناو هاوکێشە سیاسیەکاندا بەلکە تەنیا سوننەو شیعە لە ئارادابوو، ئەوانەو هۆی تریش وا دەکەن کە دەسەلاتی کوردی بە پەلە و بە جددی بە خۆی دا بچێتەوە و ئەگەر باری نائاساییش رانەگەیەنی پێویستە خۆی و خەلک بۆ باری نائاسایی ئامادە بکا. واتە کورد وەک ئەو چۆلەکەی کە مەترسی راوکردنی لەسەرە پێویستە بەردەوام ئاور لەم لاو لەولای خۆی بداتەوە.

هەمووومان دەزانین داگێرکردنی دەولەتی عێراق لە لایەن ئەمریکاو هەلوەشاندنەوەی ئەم دەولەتە لەلایەن پۆل بریمەری حاکمی مەدەنی عیراقەوە لە 2003 دا، دەرفەتێکی مێژوویی خولقاند بۆ ئەوەی گەلی کورد رزگاری بێت و بە گەرانەوەی ناوچە دابراوەکانی شاد بێت کە زیاتر لە 40% ی کوردستانی باشوور دەبێت. سەرکردایەتی کورد لە جیاتی ئەوەی ئەو ئەمری واقیعە نوێیەی دوای روخانی رژێم لە 2003 ئیستیغلال بکاو هەموو ناوچە تازە رزگارکراوەکان کە پارێزگای کەرکووک و ناوچەکانی تری موسل ودیالە بخاتەوە سەرهەرێمی کوردستان کە ئەوێ رۆژێ دەتوانرا هەموو تەعریب رابمالرێ چونکە بەهێزترین یاریکەری ناو گۆرەپانەکە بووین، ئینجا لە حەمرین وەک سنوورێک ئالای کوردستان بەرزکاتەوە پاشان لە گفتوگۆکاندا لە دەستوور بیسەپێنێ کەچی لەجیاتی ئەوە ئەم ناوچانەیان خستە ژێر پرسیارەوە ئایا کوردستانن یان نا!! لەوە دەچێ سەرکردایەتی کورد پێیان ناخۆش بوو لەگەل دوژمنێکی لاواز گفت وگۆ بکەن و فرسەت بقۆزنەوەو ئیعلانی سەربەخۆیی کوردستان بکەن، یان لای کەم هەرێمێکی فیدرالی تەواو راگەیەنن بە کەرکوک و ناوچە دابراوەکانی تریشەوە، لەوە دەچێ پێیان باش بووبێ تەرح بدەنە برا عەرەبەکان تاوەکوو بەهێز دەبنەوە!! کەچی ناوچە دابراوەکانیان خستە دەستی قەدەرو زەمانەوە دیارە بە هیوای ئەوەی برا عەرەبەکان باسکیان بەهێز دەبێتەوە.

ناوچە دابراوەکانی کوردستان کە کەرکووک و ناوچەکانی شەنگال و شێخان و مەخموورو خانەقی و مەندەلی و بەدرەو جەسان دەگرێتەوە لە رێگەی ماددەی 58 پاشان ماددەی 140 چووە ناو دەستووری عیراقەوەو لە 80% ی خەلکی عیراق دەنگی لەسەرداوە. دەبێ لە کۆتایی ئەمسالی 2007 لە رێگەی

ریفراندۆمێکەوە کۆتایی بە کێشەکە بێت. کەچی هێشتا قۆناخی ئاسایی کردنەوە هەنگاوێکی ئەوتۆی نەناوەو گەرانەوەی ئاوارەکان بۆ کەرکوک لە سەر ئاستی پێویست نیەو ناردنەوەی عەرەبی هاوردە هێشتا لە ناو لیستەکانا مەرەکەبی سەر کاغەزە، ئەگەر حال ئاوەها بروا سەرژمێری ناکرێ و ریفراندۆمیش لەوە ناچێ لە کاتی خۆی ئەنجام بدرێ. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا بەم ماوە کەمەی کە ماوە لەم باروو دۆخەی ئێستادا دەکرێ پەلە لە جێ بەجێ کردنی ماددەی 140 دا بکرێ؟..

لێرەدا من تەنیا ئەوەندە دەلێم کە سەرۆکایەتی کۆمار نەتوانێ ئەمرێکی سەرۆکایەتی دەربکا بۆئەوەی پارێزگای کەرکووک وەک جارانی پێش سەددامی لێ بێتەوە، کە تەنها قەرارێکی سیاسی گەرەکەو تەکلیفی مادیش ناکا!! کەوایە بەشداریمان لە حکومەتی عیراقیدا لە ژێر پرسیارە!! وەک دەلێن ئەلهاشمی رێگرە لەبەردەم ئەم هەنگاوە، هەروەها گەرانەوەی عەرەبە هاوردەکانیش هەر کۆسپ و تەگەرەی لەبەردەم دادەنرێ، وا سەرژمێریش وەختی بەسەرچوو، باشە ئەگەر ئەوانە نەکرێن لایەنی عەرەبی کە زۆرینەیان شۆڤینین، وا خەریکە تەرازووی هێز بە قازانجیان دا دەشکێتەوە چۆن لێدەگەرێن هەنگاوی ریفراندۆم سەربگرێ؟ ئەوە مانای ئەوەیە مادەی 140 ی دەستوور لە شوێنی خۆی وەک مەرەکەبی سەر کاغەز ماوەتەوە. کەوایە سەرکردایەتی کورد ناچارە هەولی ئەوە بدا ماوەی جێ بەجێکردنی ماددەی 140 درێژبکرێتەوە، هەروەک چۆن ماددەی 58 ی ئیدارەی دەولەت وەختی جیبەجێ نەکرا ، ناچار بوو بیخاتە ناو دەستوورەوە

لەبەرئەوەی دەسەلاتی کوردی پێی وایە پشتیوانێکی بە هێزی نیە، لە رووی سەربازی و ئابووری و لە نێوان کۆمەلگای نێودەولەتیەوە، هەروەها لەبەر ئەوەی وا دەزانێ هەر کە ئەمریکا ناوچەکەی بە جێ هێشت ئیدی گلۆلەی لە لێژیە، و لەبەر هەندی هۆی تر بۆیە رێگە بەخۆی نادا هێز یان بە مانا دەقاو دەقیەکەی زەبروزەنگی شۆرشگێرانە بەکار بێنێ لە پال گفتوگۆدا، لە ترسی ئەوەی نەوەک بە تیرۆریست ناوزەد بکرێ، یا بۆدجەکەی ببردرێت لە لایەن حکومەتی بەغداوە، هەروەها لە ترسی هێرش و گەمارۆی دوژمنان، ئەوسا بە حیسابی خۆی نازانێ چی بکات و پەکی دەکەوێ و ناچاری پاشەکشە دەبێ و هەر کەسەو بۆ مالی خۆی. بۆیە دەیەوێ ئەگەر کۆمەلکوژیش لە گەل کوردا بکرێ لە چەند ئیجرائاتێکی رەمزی یا یارمەتی ناردن زیاتر هیچی تر نەکا ئەویش بۆ هێورکردنەوەی خەلک کە لە ئاستی ئەم قۆناغەدا نیە. ئەگەر جوولەشی کردبێ زۆرتر شەرمنانە بووە، دایمە ئاوری لە دەوروبەری خۆی داوەتەوە نەوەک لێی لە هەرا بدەن. ئەگەرچی ئەو ترسە هەقیقەتی تیایە بەلام گەورەکردنی ئەو ترسە بەو رادەیە لە جێی خۆی نیە چونکە دوژمنان هەرچەندەی بەلاوازمان ببینن ئەوەندە زیاتر زەبرمان لێ دەوەشێنن و کەمتر گوێمان بۆ دەگرن، ئەلبەتە پاشان دیارە پاشەکشێمان پێ دەکەن لە مافە رەواکانی خۆمان.

من پێم وایە ئەگەر سەرکردایەتی کوردیش ئیجرائاتی پێویست لە دژی ئەو کۆمەلکوژیانە فەرامۆش بکات لەبەر ئەو ترسانەی لە سەرەوە باسمان کردن، کە ئاشکرایە لەلایەن شۆڤینیە تیرۆرستەکانەوە روو لە زیادبوونە، ئەوە گومانم لەوەدا نیە کە خەلکی کوردستان دەست بە خۆپیشاندان دەکەن لە شارو شارۆچکەکاندا، یان دەست بە مانگرتنی سقیل دەکەن لە پێناوی ئەوەی بگەرێنەوە ناو باوەشی هەرێم. رەنگە لەو کاتەدا بزوتنەوەی ریفراندۆمیش رۆلی خۆی بگێرێ.

ئەگەر حال وەها بروا خەلک لە ناوچە تازە رزگارکراوەکاندا ناچار دەبن گروپی هێزی بەرگری

دروست بکەن بۆ ئەوەی زەبری کوشندە لەو تیرۆریستانە بوەشێنن کە رۆژانە هەرەشە لە ژیانیان دەکەن. ئەم گرووپە چەکدارانە بە دوور نازانرێ بە تەواوی لە ژێر کۆنترۆلی دەسەلاتی کوردی دەرچێ. هەر ئەوەش دەبێتە وەلامێکی دروست بۆ تیرۆرستان کە زۆربەیان بالی عەسکەری عەرەبی شۆڤینی سوننەن کەچی لەناو پەرلەمانی عیراقی و لە ناو حکومەتی عیراقی و لە گفتوکۆکاندا نوێنەریان هەیە هەروەک رێکخراوە جیا جیاکانی ناو جەبهەی تەوافوق بۆ نموونە.

دیارە هەموو راستیەکانی سەرگۆرەپانی عیراق ئەوەیان سەلماند، بەکار هێنانی هێزی چەکدار( مەبەستم جارێ شێوازە تازە داهێنراوەکەیە) شێوازێکی پێویستە بۆ پالپشتیکردنی گفتوگۆکان. تەنیا ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە کەی و چۆن و لە کوێ هێز وەستایانە بەکاربێت کە بۆ گەلێکی زۆرلێکراوی وەکو گەلی کورد بە توندوتیژی شۆرشگێرانە دەژمێردرێ. چونکە وەلامدانەوەی هەر شەرێک کە بەسەرمان دا فەرزبکرێ ئەوە ئەو شەرە دیفاعیەو رەوایە. ئەو هەقیقەتەش نابێ لە یاد بکرێ کە بە درێژایی مێژوو کێشە چارەنووس سازە نەتەوەیی و مەزهەبی و چینایەتیەکان لە دوا جاردا بە هێز ساغ کراونەتەوە . واتە تەرازووی هێزەکانە کە لە دوا جاردا دەبێتە پالپشت بۆ ئەوەی بزانی لە گفتووگۆکاندا چەند گوێ بۆ قسەکانت دەگیرێ و گفتوگۆی بێ پالپشتی هێز لە دواجاردا هەرەسی بەدواوەیە. بەلام هەقیقەتە هەیە ئەو گۆرانە گەورەیە پێویستی بە سەرکردەی نوێ و دلسۆزو خاوەن متمانەو ئازا هەیە، یان ئەو سەرکردە کۆنانەی کە بتوانن لە رۆژانی تەنگانەدا واز لەم هەموو سەروەت وسامانە بێنن کە زۆربەی لەم ماوەیەدا بە نا شەرعی دەستیان کەوتووە.

نابێ ئەوەشمان لە یاد بچێ کە باس لە هێز دەکەین بە تەنیا هێزی چەکدار ناگەیەنێ بەلکو هەموو تواناکان دەگەیەنێ وەک پالپشتی رێکخراوەیی، جەماوەری، ئابووری، کۆمەلایەتی و پشگیری نێونەتەوەیی و هەروەها یەکێتی ریزەکانی گەلیش دەگەیەنێ. وەک دەلێن هێز لە یەکێتیدایە. یەکخستنی مالی کوردی بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی سیاسی لە نێوان حیزبە گەورەو گچکەکان. بەواتایەکی تر هێزی چەکدار ئەو کاتە کارا دەبێ کە هێزەکانی تریشی لە پالدا بێت.

من بە راشکاوی دەتوانم بلێم راهێنانی خەلک بەوەی کە تەنیا بە گفتوگۆ چارەسەری کێشە رەواکەمان دەکرێ و هێز باوی نەماوە! وەک چەواشەکاریەک وەهایە. چونکە کورد دەلێ ماف دەسەنرێ نادرێ. ئەم جۆرە قسە بێ بناغانە مانای ئەوەش دەبەخشێ، یان تامی ئەوەشدەدا کە دیارە دەسەلاتی کوردی بە نیازن لە گفتوگۆی ماراسۆنی درێژخایەندا ووردە ووردە تەنازول و مساوەمە لە سەر مافەکانی گەلی کوردستان بکەن لە ژێر پەردەی گفت وگۆ و گۆرانی قۆناغ و رۆحی سەردەم، کە راستە هەندێ دەسکەوتی تایبەتی حیزبی و کەسی تێدایە بەلام ئاشکرایە لە قازانجی خەلکی کوردستاندا نیە.

دەسەلاتی کوردی نابێ رێگر بێ لە خەلکێک کە خۆیان رێک دەخەن و مان دەگرن و خۆپیشاندان دەکەن و گروپی چەکدار پێک دێنن بۆ ئەوەی بە توندی بەرپەرچی تێرۆرستان بدەنەوە و دیفاع لە مال و حالی خۆیان بکەن. ئەگەر هەر نا دەتوانن سوود لەو گروپانە وەرگرن بۆ دان وسان کردن لەگەل لایەنی عەرەبی لە حکومەتی عیراقی فیدرالدا، کە بیروباوەری شۆڤینیان بەسەردا زالە. لێرەدا سەرکردایەتی کورد دەتوانێ بە فەرمی خۆی نەکاتە خاوەنی کردەوەکانیان و لە ژێرەوە دەتوانێ ئەوپەری یارمەتیان بدات، بلێ ئەوە ئێمە نین خەلک راناوەستێ ئەوانە دیفاع لە کورد

دەکەن لە ترسی جینۆساید، دەیانەوێ بگەرێنەوە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان. یان هەندێ جار دەتوانێ خۆی بکا بە ناوبژیوان. بەلام لە بیرتان نەچی پێویستە ئەم چالاکیانە بە گشتی و گروپە چەکدارەکان بە تایبەتی ئەوەندەی بکرێ دلسۆزی مەسەلەکە بن و زەبری جددی لە گروپە شۆڤینیە هارەکانی تیرۆریستان بوەشێنن. جا لێرەدا هەر کەسێک بە مەبەستی تالان ودزی و جەردەیی ئەم بوارە بەکاربێنێ دەبێ لێژنەی لێپرسینەوە و بە زوویی محاسەبەی بکا، دیارە ئەوەش سەرپەرشتکاری بە تواناو دلسۆزو لە خۆبووردوو و پاکی دەوێ.

ئەگەر نا پێویستە دەسەلاتی کوردی(هیوادارم کە لە توانایدا مابێ) دەبا خۆی کۆنترۆلی هەموو ناوچە دابراوەکانی کوردستانی باشوور بکا، گروپی دژە تیرۆر پێک بێنی کە بەردەوام چالاکانە لە شوێنە گەرمەکاندا کە دەستی تیرۆریان تیا زالە بۆ ئەوەی بە پەلە ئامادە بێ تیرۆریستان لەناو ببات، یان بتوانی پشتێنەیەکی ئەمنی بەهێز لە سنووری کوردستان دروست بکات کە بەراستی قڕان بخاتە ناو تیرۆریستانەوە بە رادەیەک کە عەرەبی تەعریب بەبێ دەرکردن خۆیان ناچار بن لەو ناوچانە بار بکەن برۆن بۆ ئەوەی تیرۆریستان جورئەت نەکەن سنوور ببەزێنن. بەلام دیارە ئەم پلانە ستراتیجیە پشتیوانیەکی بە هێزی دەوێ، ئامادەکاری دەوێ لە هەموو بارێکەوە.

حکوومەتی هەرێم دەبێ شانبەشانی بەکارهێنانی هێزی چەکدار، بە پەلە کۆمەلێ ئیجرائاتی جددی بکات لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی خالە لاوازەکانمان بەهێز بکەینەوە و پەرەیان پێ بدەین. بۆنموونە دەبێ ئەو بێ متمانەییەی کە خەلک بە حوکومەت و دەسەلاتی کوردی هەیە بڕەوێندرێتەوە. هێزی گەلی کورد لەوەدایە کە جەماوەر پشتیوانی لە سەرکردایەتی بکاو متمانەی پێ بکا. بۆ ئەو مەبەستە پێویستە ریفۆرمی ریشەیی لە ناو حکومەت و کۆمەل پیادە بکرێ و بوار بە جەماوەرو کۆمەلانی خەلک بدرێ زۆرتر بەشداری لە بەرێوەبردنی وولات دا بکەن بەتایبەتی گەنجان، تا هەست بە ئینتیما بۆ وولات بکەن، چونکە بە راستی خەلک باوەری بە حکومەت و سەرکردایەتیەکەی زۆر لاواز بووە و مەودای نێوان خەلک و مەسوول ئەوەندە لەیەکتر دوورکەوتۆتەوە کە وەکو ئاسمان و رێسمان وەهایە.

لە بەرئەوەی گەنج هێزی زیندوو و بنیاتنەری وولاتە لە ناو هەر کۆمەلێکدا، بۆیە دەبێ بایەخی تەواو بە گەنجانمان بدرێ لەلایەن حکومەتەوە هەروەها پشتگیری کردن بۆ پێک هێنانی ژیانی هاوسەری لە هەموو روویەکەوە، نابێ حکومەت لە خۆی بپرسێ بۆچی بووجەمان نزیکەی شەش ملیارد دۆلارێکە کەچی گەنج ناتوانی ژیانی هاوسەرگیری پێکبێنێ؟ حکومەتی هەرێم نابێ بیر لەوە بکاتەوە کە بالانسی دانیشتوان لە دوای ئەنفالەوە بە زەرەری رێژەی کورد بووە لە عیراق، بۆیە دەبێ بە پلانی رێک و پێک بە زەواج تۆلەی بکاتەوە!! ژمارەی ئەو گەنجانەی سالانە بەرەو هەندەران کۆچ دەکەن ژمارەیەکی ترسناکە و خۆی لە 30000 کەس دەدات!! ریفۆرم لە هەموو دیوێکی پەیوەندی تاک و حکومەت دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو هێزە زیندووەی گەنجانمان چیدی بە کۆمەل بەرەو هەندەران بەهەدەر نەروات.

پێویستە ریفۆرم لەم دیموکراتیەتە سەقەتەی هەمانە بکرێ بۆ ئەوەی هەم بۆ خۆمان هەم بۆ سەرتاسەری دنیا بە راستی ببێتە نموونەیەکی تا رادەیەک جوان لە ناوچەکەدا. چونکە ئەم نموونە جوانەی دیموکراتی دەبێتە خالێکی هێز بۆ گەلەکەمان بۆ ئەوەی کۆمەلگای نێودەولەتی پشتیوانیمان

لێ بکا ولە کاتی تەنگانە بە ئاسانی پشتمان بەرنەدەن. ئەمە جگە لەوەی کە دەبینە هۆی سەرنج ڕاکێشانی ئەو نەتەوانەی کە لەگەلماندا دەژین وەکوو تورکمان و عەرەب و کلدۆئاشوورییەکان. بەراستی دەبێ دەسەلاتی کوردی بە تەواوی کوردستانی بێت بەوەی بە جددی لەگەل برا تورکمان و برا ئاسورییەکان گفتوگۆ بکات و دەبێ متمانە دروست بکرێ کە مافەکانی ئەوانیش لە کوردستانی فیدرالدا لە دەستێکی ئەمینە. حکومەتی هەرێم نابێ بزانێ بۆچی ڕێکخراوی مافی مروڤ (هیومان رایتس وۆچ) حکومەتی کوردستان بە پێشێلکاری مافی مرۆڤ تۆمەتبار دەکەن؟ هەروەها لە کاتێکدا شادمانین کە ڕێککەوتنی ستراتیجی لە نێوان دوو حیزبە سەرەکیەکەدا هەیە بەلام نابێ ئەم ڕێکەوتنە بۆخەفە کردنی دەنگی جیاواز بەکاربهێنرێ، یا لەو پەنایە دەنگی ئۆپۆزیسیۆن و رەخنە بخنکێنرێ. بەلام ئایا چۆن ئەم دیموکراتیەتە ئیفلیجە باشتر دەکرێ؟ ئەوەش پێویستی بە پیاچوونەوەیەکی جددی هەیە.

پێویستە دەسەلاتی کوردی واز لە کار پێکردنی بیری تەسکی حیزبایەتی بێنی کە ململانێی ناشەریفانەی بەرهەم هێناوە و بە تەواوی شۆربۆتەوە ناو هەموو بوارەکانی ژیان لە دامەزراندن، پلەو پایە، ئیش بۆ نەرواندن، سووکایەتی پێککردن و هەنجەت پێگرتن هتد. لەکاتێکدا ململانێی نێوان چینەکان لە مێژوودا و لە سەرانسەری دنیادا هۆیەکی گرنگە بۆ بەرەو پێشەوە بردنی کۆمەل بەلام لای ئێمەی کورد زۆر جار بۆ ملشکاندنی یەکتری بەکارهاتووە کە کار گەیشتۆتە ئەوەی جاری وا هەبووە دوژمنانیان پێ باشتر بووە لە لایەنێکی کوردی خۆمالی، بە واتەیەکی تر هێلی سوورمان نەبووەو نیە. لە هەمووی گرنگتر دەبێ فێری ئەوە بن کە هەلبژاردن بکرێ و بەبێ تەزویر ئەنجام بدرێ و ئەنجامەکەی بە روحی ریازی وەربگیرێ نەک سەنگەر لێک بگیرێ.

پێم وایە گەلی کورد پێویستە لێژنەیەکی هەلسەنگاندن وراسپاردن لە خەلکی شارەزاو پسپۆر پێک بێنێ وەک هینەکەی بێکەر هاملتۆن، یان ئەوەی کرۆکەر پاتریۆس کە مەرج نیە هەموویان سەر بە حیزبەکان بن، بە شێوەکی دەوری بارودۆخەکە بۆ گەلی کوردستان و دەسەلاتی کوردی هەلسەنگێنێ، ناوەرۆکی راپۆرتەکەش هەر جارەی شەفافانە بە تەواوی بۆ خەلک ئاشکرا بکرێ.

پێویستە دەسەلاتی کوردی پەرە بە پرۆژەی هەوبەشی ئابووری گەورە بدات لەگەل ئە وولاتانەی کە دەوریان هەیە لە بریاردان لەسەر دوارۆژی رۆژهەلاتی ناوەراست و عیراق، بە شێوەیەک کە خالی بەرژەوەندی هاوبەشمان بەهێز بکەین لەگەلیان، بۆنموونە پرۆژەی گەورەی پیشەسازی وخزمەتگوزاری هەروەها پرۆژە نەوتیە ستراتیجیەکان. هاو تەریب لەگەل ئەوەدا پەرە بە پەیوەندی سیاسی توندو تۆل بدات لەگەلیان، تاوەکو جێ پێی خۆمان لە ناو سووچێکی نەخشەی بریار بەدەستانا بکەینەوە.

پێویستە دەسەلاتی کوردی هەولی جددی بدا بۆ بووژاندنەوەی گوندەکانی کوردستان، بەوەی هانی خەلک بدا بچنەوە دێهاتەکانی خۆیان و پشتیوانیان لێ بکا بۆ ئەوەی کەرتی کشتوکال بە هەموو لقەکانیەوە ببوژێندرێتەوە. بە خوا شەرمە بۆ حکومەتی کوردی کە وولاتێکی ئەوها بە پێت و بەرەکەت و پر ئاومان هەیە کەچی تەماتەو خەیار لە وولاتانی دەوروبەر کە دوژمنی کوردن بهێنین! یان تووروو پیاز لە چین و مالیزیا بهێنن! ئەگەر هەر نا حیسابی ئەوە بکەن رۆژێ دادێ ئابلۆقەمان دەخرێتە سەر ئینجا ئەو کاتە چی دەکەین؟ خۆ ئەگەری ئەوە هەیە گوندەکان وەک هێلی کشانەوەی

خۆمان وەک جاری جاران بەکار بێنینەوە،چونکە ئەگەری رەها لە دنیادا نیە.

دەبێ بە هەر شێوەیەک بێت هەنگاوی جددی بەرەو عەدالەتی کۆمەلایەتی بنرێ بەو مانایەی بەلای کەم مووچە بە شێوەیەکی گشتی بە قازانجی چینی هەژاران و فەرمانبەری بچووک تەعدیل بکرێ کە بتوانێ پێی بژی. دەبێ ئەو راستیەمان هەردەم لەبەر چاو بێ کە بە راددەی یەکەم هەر ئەوانن سووتەمەنی سەرەکی هەر راپەرین و هەر شۆرشێک. نرخی شت ومەک بە شێوەیەک کۆنترۆل بکرێ لەلایەن حکومەتەوە تا بە قازانجی خەلک بێ هەروەک ئاشکرایە خەلکی هەژار لە بەر نرخ گرانی دەنالێنێ. بەسترانی سنووری ئێرانیش رەوشەکە بەرەو خراپتر دەکاو ئەوەی ناویان ناوە بازاری ئازاد بەو شێوەیە نیە، دەبێ حکومەتیش دەوری تیا هەبێ هەر وەک وولاتانی ئەوروپا بازاری ئازادیش هەیەو لە زۆر بواریشا حکومەت کۆنترۆلی دەکا ئەگەر نا دەبێتە بەرەللایی. پێویستە بە زووترین کات خانوو بۆ هەژاران و گەنجان بۆ هاوسەرگیری بە نرخی گونجاو دابین بکرێ.

پێویستە سنوورێک بۆ دیاردەی ژن کوشتن لە کۆمەلگەی کوردەواری دابنرێ کە لە کەلتوری دواکەوتووی پیاوسالاریەوە سەرچاوەی گرتووە و بە جددی رێگەی پێ بگیرێ. لە کوردستانی باشوردا سالانە بە سەدان ژن و ئافرەت بە بیانووی پرووپوچ دەکوژرێن یان لەداخا خۆیان دەسووتێنن. بۆیە دەبێ هەلمەتێکی گەورەی هوشیارکردنەوە لە کەنالەکانی راگەیاندن دەست پێ بکەن و یاساکان بە قازانجی ژنان و ئافرەتان بێ و بێتە مەیدانی جێ بەجێ کردنەوە. بەراستی ئەم دیاردەیە خەریکە ببێتە هۆی ئەوەی کەوا گەلی کورد بە چاوێکی تر سەیر بکرێ لە لایەن وولاتانی پێشکەوتووەوە.

دەبێ دەسەلاتی کوردی بە شەفافی بۆدجەی سالانەی بۆ جەماوەر بخاتەروو چونکە ئەمرۆ کەس بەئاسانی بە قسەی رووت باوەر ناکات و هەروەها پێویستە بە زووترین کات چەند کەسێک لە فایلدارەکانی سەردەمی بەعس و لە سەر گەندەلێ بدرێنە دادگا، ئەگەر نا فەرقی دلسۆزێک و خیانەتکارێک چیە؟ ئەگەر مەبەست بێ دەتوانن بە دەیان کەس دەسگیر بکەن، بلێن وەرە ئەم پارە زۆرەت لە کوێ بوو، یا کوا پارەی ئەم پرۆژەیە، یان وەرە تۆ فلان فایلت هەیە!! هتد. هەروەها پێویستە هەنگاو بنرێ بۆ دژایەتی کردنی بیرۆکراسی وخزم خزمێنەو عەشیرەتگەری لە ناو گشت دام ودەزگاکان و لە هەموو بوارەکانی ژیاندا. دەبێ توانا و لێهاتوویی و دلسۆزی بۆ کوردستان و بۆ گەل جێگەیان بگرێتەوە.

ئەو جەنگە یەک لەدوای یەکانەی سەددام وجەنگی گەلی کوردستان لەگەل رژێم و هەروەها جەنگی ناوەخۆ، سەرباری گەلێ هۆی مێژوویی بۆتە هۆی ئەوەی کە کەسایەتی مرۆڤی کوردی لاواز بێ. بۆیە پێویستیمان بە سیستەمێکی نوێی پەروەردە هەیە لە قوتابخانەکان و لە کەنالەکانی تری ژیان بۆ ئەوەی کە هوشیاری نەتەوایەتی و کۆمەلایەتی و رۆشنبیری سەردەم بلاو بکاتەوە کە بە لای کەم نەوە نوێیەکان بەم شێوەیەی جاران چیدی پەروەردە نەکرێن ئەگەر نا لە هەموو لێقەومانێکدا هێلی سوور نابێ و لەشکری جاشان وەک جاران درووست دەبێتەوە.

پشتیوانی جددی لە ئاوارەکان بکرێ بگەرێنەوە بۆ زێدی خۆیان لە هەموو ناوچە دابراوەکانی کوردستاندا جگە لە بەخشینی تەعویز بە راددەی دامەزراندن و پرۆژەی کشتوکالی و خانوو بۆ دروستکردنەوە. هەروەها هەموو رێگەیەکی گونجاویش بگرینە بەر بۆ گەرانەوەی عەرەبی تەعریب.

هەرچەندە ئە کارە خزمەتگوزاریانەی تا ئێستا ئەنجام دراوە جێگای دەستخۆشیە بەلام گەلێکیان هەر بەلێن وە یان سەقەت و هەندێکیان بە هەنگاوی کیسەل دەروات و هێندێکی تر ئەسلەن وەهمین کە لە پەنایاندا بە سەدان ملیۆن دۆلاری ئەمریکی شوێن بزر کراوە! بۆیە دەبێ رەقابەو لێپرسینەوە هەبێ. دەبێ لە بواری خزمەت گوزاریە سەرەکیەکان پەلە بکرێ لە هەموو شارو شارۆچکەکاندا و بگرە بە گوێرەی توانا پەرەی پێ بدرێ. هەروەها نەبوونی سووتەمەنی وەک نەوت و غاز، کارەبا، هەروەها نەبوونی ئاوی پاک کە لەم دواییە لە شاری سلێمانی بە هۆی گەندەلیەوە پەتای کولێرەی لێ پەیدا بووە، ئەوانە هەمووی جێگای تێرامانە ئەگەر چی لە هەندێ بواردا هێندێک جوولانەوە هەیە بەلام لە ئاستی ئەم بارە ئالۆزە سیاسیە و لە ئاستی قورسی باری گوزەرانی خەلکیدا نیە.

نابێ ئەو یەکگرتنە سیاسیە ستراتیجیەی هەردوو حیزبی سەرەکی ببێتە هۆی کپ کردنەوەی دەنگی جیاوازو ئازادی بیروورا. لە بەر ئەوەی لە کوردستاندا ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی بە مانای ووشە نیە بۆیە پێویستە ئەو ئازادی رادەربرینەی کە لە رۆژنەمەکان و سایتەکان و کەنالە سەربەخۆکاندا خۆی دەبینێتەوە پەرەی پێ بدرێ نەک رێگەی پێ بگیرێ یان یارمەتی لێ ببردرێ یا کەم بکرێتەوە هەوەک لەملاو لەولا بیستوومانەتەوە. هەروەها ئازادیە سیاسیەکان بە شێوەیەکی گشتی بەرفرەوان بکرێ نەک تەسک بکرێتەوە. چونکە لەبەر نەبوونی ئۆپۆزیسیۆن ئەو کەنالانە بەلای کەمی دەتوانن ببنە رەقیبێک بەسەر عەیب و عارو کەم و کوریەکانی حوکومەت و لێپرساوە گەندەلەکان. ئێنجا لێرەدا پرسیار ئەوەیە تۆ بلێی دەسەلاتی کوردی تەحەمولی رەقیبێک بکات لە سەر خۆی؟

پیا چوونەوەو جێبەجێکردنی ئەم خالانە پێویستە لە وەعدو وعوود، یان لە کاری لێژنەو لێژنەکاری خاوخلیچک دەرچێ و لێپرسینەوە هەبێ بەرامبەر هەر بابەتێکی گرنگ. چونکە خەلک گوێی پر بووە لەم قسانە. کورد گۆتەنی بەو سەردولکانە چیدی گریانمان نایەت. ئەوانە چەند پێشنیارێکی بەندەن کە دەکرێ هەرکەسەو دەسکاری یا کەم و زیادی بکا. هەر کەسەش ئازادە چۆن بیر بکاتەوە یا وەزعەکە چۆن هەلدەسەنگێنێ. رەنگە لە مەودوا ئەو کەسانەی وەکوو بەندە بیر بکەنەوە لە زیادبووندا بن.

ئەگەر ئەو هەنگاوانەی کە لە سەرەوە باسکراوە نەیەتە بواری پراکتیکەوە و هەر لە بواری قسەو وەعدی رووتدا بمێننەوە ئەوە بەبێ شک لە تەنگانەدا حکومەتی هەرێم و سەرکردیەتی کورد پشتیوانیەکی بە هێزی لێ ناکرێ لە لایەن رۆلەکانی گەلەکەمان کە ئەو کاتە دیارە بەرەو لاوازی و خوانەخواستە بەرەو هەلدێر دەرۆین. لێرەدا سەرکردایەتی کوردیش بە هۆی لاوازی ناچار دەبێ لە گفتوگۆکاندا پاشەکشێ لە زۆر مافی رەوای گەلەکەمان بکات، ئەوەیە مەترسی هەموومان. هیوادارم کە هەرگیز ئەو رۆژە نەبینم.

هەرچەندە ئەو هەنگاوانە دەرمانی سیحری نین و تەنانەت هەندێکیان پلانی درێژخایەنیان دەوێ بەلام ئەگەر لانی کەم هەندێکیان جێبەجێکرا یان هەنگاوی بۆ نرا ئەوە لە لایەن دۆست ودوژمن هێزو سەنگمان زیاد دەبێ و لە هاوکێشە و نەخشەی ناوچەکەدا دەتوانین جێگای شیاوی خۆمان هەبێ، ئەوسا نەیاران ناچارن لە گفتوگۆکاندا گوێمان بۆ شل بکەن و حیسابمان بۆ بکەن بەمانای ئەوەی کە دەتوانین لانی کەمی مەرجەکانی خۆمان بە سەریاندا بسەپێنین کە مافی چارەنووسی گەلی

کوردستانە. بژی کوردستانی سەربەخۆ. هەر شادو سەرکەوتوو بن.

goran954@hotmail.com

2007-10-03